
# ڕۆماریۆ یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل

## من پاشای ڕاستەقینەم نەوەک بیلیه و مارادۆنا




*** سەبارەت بەوەی تۆمەتبارکراوی بە بەکارهێنانی دەرمانی وزە بەخش، دەکرێ بەرگری لە خۆت بکەی؟**

- ئەو دەرمانانەی کە پێی تۆمەتبار کراوم کە بە کارم هێناوە، تەنیا چەند حەبێك بووە بۆ پاراستنی قژم لە هەڵوەرین و دەپرسم باشە من لەو تەمەنە بۆ ئەم جۆرە دەرمانە قەدەغەکراوانە بەکار دەهێنم.

*** باشە دادگای باڵای وەرزشی بۆ پێداچوونەوە لە بڕیارەکەی داوای تۆیان ڕەتدکردەوە تۆ چی دەڵێی؟**

- ئەم بڕیارە گرنگی نییە لای من و من دڵنیام لە پاك و خاوێنی خۆم و خەڵکیش هەموو ڕۆماریۆ دەناسێ و دەیسەلمێنم کە من ئاگاداری ئەو شتە نیم ئەویش بە پێشکەشکردنی ڕاپۆڕتی نوێی پزیشکی.

*** چۆن خۆت لە بواری ڕاهێنەرایەتی دەبینی؟**

- ڕاهێنەرایەتی پیشەیەکی خۆشە و پێویستی بە ئەزموون هەیە و ئەزموونی منیش کە پێشتر یاریزان بوومە ئەمە یارمەتییەکی زۆرم دەدات کە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان ببمەوە و کارم لە ڤاسکۆ دی گاما نابێتە یەکەمین کار.

*** سەرەڕای ئەوەی چوویتە بواری ڕاهێنەرایەتی، بەڵام دڵت هەر بۆ یاریگا دەهەژێ بۆ بە دەست هێنانی ئاواتی دیکە؟**

- من واز لە یاریکردن ناهێنم و لە ڤاسکۆ دی گاما ڕاهێنەرم و لە هەمان کاتیشدا یاریزانم کە یانەکەم پێویستی بە خزمەتم هەبێ.

*** فیفا دان بە گۆڵی ژمارە (١٠٠٠)ـەمینی تۆ نانێ؟**

- بە داخەوە فیفا ئەم ڕاستییە نازانێ کە من ئەوەندە گۆڵەم تۆمار کردووە، ئەو ژمارەیە لای منە و ئامادەشم ئەوەی گومانی هەیە من دەتوانم پێشکەشی بکەم، ڕاستە هەندێك لەو گۆڵانە لە یاری دۆستانە تۆمار کراوە، بەڵام لە کۆتایی لە تۆمار و ئەرشیفی من دەنووسرێ.

*** زۆربەی جەماوەر وەرزشی دەڵێ بیلیە پاشای تۆپی پێیە و هەندێکی دیکە دەڵێ مارادۆنەیە، تۆ چی دەڵێی؟**

- دەڵێم من پاشای ڕاستەقینەم لەگەڵ ڕێزم بۆ هەردوو ئەفسانە بیلیە و مارادۆنا، من شێوازێکی تایبەتیم هەیە لای ئەوانی دیکە بەدی ناکرێ ئەرشیفی من لە تۆمار کردنی گۆڵ ئەوە دەسەلمێنێ من لەو یاریزانانە زیاتر نازناوی گۆڵکارم بە دەست هێناوە لەگەڵ چەندین یانەی جۆراو جۆر کە دەگاتە ١١ جار.

*** کە چی تۆ ناتوانی وەکو ئەوان کاریگەر بێت و جولانەوەشت لە یاریگا کەم بوو؟**

- ڕاستە من زۆر ڕاناکەم، بەڵام گۆڵکار بووم زۆر گۆڵیشم تۆمارکرد، من بە قەد ئەو یاریزانانەش ڕاناکەم کە لەسەر کورسی یەدەگ دادەنیشن، من توانای خۆم بە

■ سەرەڕای ئەوەی ڕۆماریۆ ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە کە دەرمانی وەزە بەخشی بەکار هێنابێ کە دوا ڕۆژی لەگەڵ یانەی ڤاسکۆ دی گاما لە مەترسیدایە، دادگای باڵای وەرزشی لە بەڕازیل بڕیاریدا بۆ ماوەی (١٢٠) ڕۆژ نابێ کاری مەشقی هیچ یانەیەك بکات لە یارییە فەرمیەکان، گۆڤاری سوپەر هەوڵیدا ڕاستیەکان لە خودی ڕۆماریۆ ببیستێ و سوپەر تیاییدا سەرکەوتوو بوو بۆ ئەم دیمانەیە چونکە ڕۆماریۆ بە بێ بەرامبەر لە بەرازیل هیچ دیمانەیەك ناکات، ئێمە لەبەر گرنگی ئەم دیمانەیە و هاندەرانی ڕۆماریۆ بە باشمانزانی بڵاوی بکەینەوە. ■

راکردن بە فیرۆ نادەم، من زوو دەتوانم بەســەر یاریزانەکانی هێڵــی بەرگری زاڵ بم چونکە توانا و هێزی خۆم بە فیرۆ نەداوە.

*** رات چییــە کــە برازیل شــەرەفی میوانداریکردنی مۆندیالی (٢٠١٤)ی پێسپێردرا؟**

- ئەم شــەرەفە دەبوایە زووتر بوایــە چونکە یاریگاکانی ئێمــە کۆنە و ویرانە، زۆر کەس دەڵێ برازیل شایســتەی میوانداریکردنی مۆندیال نییە بەس من دەڵێم ئێمە دەتوانین بە جوانترین شێواز میوانداری مۆندیال بکەین.

*** بەرزکردنــەوەی مۆندیالــی (١٩٩٤) چــی بۆ تۆ دەگەیەنێ؟**

- لە گۆشــەیەکی جەماوەری برازیلی ســەیری دەکەم و ئەم دەستکەوتەش کەســایەتی و کەرامەتی برازیلی لە تۆپــی پێ گەڕاندەوە دوای ئەوەی (٢٤) ســاڵ لێی دوور بووین دڵی (١٠٠) ملیۆن برازیلی خۆشکرد کە دەیانگوت ڕۆماریۆ ئەو ئەســتێرەیە کە توانی ڕۆناکی تۆپی پێ بۆ برازیل بگەڕێنیتەوە و ئەمە دەستکەوتی ڕاستەقینەی منە لە جیهانی تۆپی پێ.

*** ناخۆشترین کاتت کە لە بیری ناکەی؟**

- دوور خســتنەوەم لە پێکهاتــەی برازیل لە مۆندیالی فەرەنسای (١٩٩٨) سەرەڕای ئەوەی من ڕۆڵێکی کاریگەرم هەبوو بۆ سەرکەوتنی برازیل بۆ کۆتاییەکان و من لە پاڵاوتن گۆڵکار بووم و باشــترین وەرزی وەرزشــیم بوو، دۆڕاندنی برازیل و شەرمەزاری بەرامبەر جەماوەر ئەوە دەگەیەنێ کە بەرپرسان کەمتەرخەم بوون لە کارەکانیان.

*** دەکــرێ باس لەو پەیوەندیە خراپانــەت بکەی کە بە بەردەوامی هەتبوو لەگەڵ ڕاهێنەری پێشــووی بەرشــلۆنە یۆهان کرۆیف؟**

- ئێســتاش ڕێزێکی تایبەتی و خۆشەویستیم بۆ یۆهان کرۆیف هەیە، بەڵام کرۆیف بە بەردەوامی ســنووری خۆی بەرامبەر بە من دەبەزاند سەبارەت بە سەربەستی کەسایەتی، چاودێــری تەواوی جوڵانەوەی منی دەکرد و منی گەمارۆ دەدا، جارێکیان پێم گــوت تۆ خۆت بە چی من دەزانی و کــەس پێی وتی تۆ باوکی منی، من هاتوومە بەرشــلۆنە یــاری بکەم نەهاتوومە بۆ بەندیخانە، چیت لەمن دەوێ تا بە باشترین شێوە بۆتی بکەم.

*** چ یادگارییەکت لەگەڵ دێربی ئیسپانیا لە نێوان ڕیال و بەرشلۆنە هەیە؟**

- بە دوو شێوە باش و خراپ لە یەك کاتدا، باشەکە ئەوە بوو ( ٥-٠) گۆڵ لە ڕیالمان بردەوە و خراپەکەش بە هەمان ئەنجــام دۆڕاین لە بەرامبەر ڕیــال مەدرید، ئاواتم ئەوە بوو لە ڕیــال مەدرید ببەینەوە و نازناویش وەربگرین ئەوە بوو لە ساڵی ( ١٩٩٣) ڕوویدا.

*** ئــەو یاریزانانــە کێن کە تــۆ ئاواتت بــوو بگەیتە ئاستیان؟**

- هێــز و توانام یارمەتی دەرم بــوو کە چاوم لەوە نەبێ بگەمە ئاســتی کەس، ڕاستە من ڕێزێکی تایبەتم هەیە بۆ مارادۆنا و بۆبی تشــارڵتۆن و ستۆیشکۆف و پێش ئەوانیش بیلیە.

*** دەڵێن زۆر گرنگیت بە پارە نەداوە؟**

- ڕاســتە من زۆر گرنگی بە حەســانەوەی خۆم دەدەم، لەم دواییەدا یانەیەکی ئەســکەندنافی بڕی (١٠) ملیۆن دۆلاری بۆ من تەرخانکرد کە یارییان بۆ بکەم، بەڵام من پێم باشــتر بوو لە ڕیۆدۆ جانیرۆ بمینێمەوە کە زۆر خۆشەویستە لای من.

*** ئاقیکردنەوەت لە کەنداو سەرکەوتوو نەبوو؟**

- ڕاستە من زوو تووشی پێکان بووم و ڕێگام نەبوو ئەوەی دەم ویســت پێشکەش بە یانەی ســەد بکەم و جەماوەریش ئــەوەی لەمن چاوەڕوان نەکرد، ئەوەش مــاوە بڵێم بڕیاری هاتنم بۆ ئەو ناوچەیە وەکو یاریزان باش نەبوو.

*** بوویتە گرانترین یاریزانی یەدەگ؟**

- ڕاهێنەری بەلجیکی لۆکا ئەو کات پێی گوتم دەمەوێ لە پەیژەکان بتبینم و ئەوەی ویســتی کردی، بەڵام لــە دوایــدا خۆی پەشیمان بووەوە لەو بڕیارە.



*** کێ باشترین هێرشبەری برازیلیە ڕۆماریۆ یان ڕۆناڵدۆ؟**

- ئەفســانەی تۆپی پێی برازیلی بیلیە دواتر من، بەڵام ڕۆناڵدۆ لە شێوەی ئێمە نەبوو.

*** چی دەڵێی لەسەر ڕۆناڵدینهۆ کە ئێستا لە سەرووی تۆپی پێی جیهانە؟**

- یاریزانێکــی خــاوەن بەهرەیــە و لەو قوتابخانەیە دەرچووە کە منی لێ بووم زۆر لە نیشانەکانی وەکو منە و هیوادارم لە خۆ بایی نەبێت.

*** ئەدی کاکا؟**

- یاریزانێکی بەهرەمەندە و دەتوانی پێش ڕۆناڵدینهــۆش بکەوێ ئەگەر لەســەر ئەو ئاستە بەردەوام بێت.

■ **ســەرچاوە: لــە گۆڤاری ســوپەر وەرگیراوە لە ژمارە (٢٢٩)**









# ژمارە پێوانەییەکان و راستییەکانی مێژووی پاڵەوانییەتی ئەفریقیا

* جۆسۆ باتیشی یۆگسلافی یەکەمین ناوبژیوانی دەرەوەی ئەفریقیا بوو کە یاری کۆتایی بەڕێوەبرد ئەویش لە ساڵی ١٩٥٩ بوو.

* ( ٩ ) یاری کۆتایی گەیشتە کاتی زیاد کراوە و شەش یاریش بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا تەواو بوو.

* یاریزانی میسری رەئفەت عەتیە خاوەنی تۆمارکردنی یەکەمین گۆڵە لە مێژووی ئەو پاڵەوانیەتییە.

* هەڵبژاردەکانی میسر و تونس و ئەنگۆلا بەهەمان راهێنەری پاڵەوانیەتی پێشوو بەشداریان کردووە.

* میسر و گانا هەریەکەو میوانداری چوار پاڵەوانیەتیان کردووە، میسر لە ساڵەکانی ( ٥٩، ٧٤، ٨٦، ٢٠٠٦) میوانداری کرد و گاناش لە ساڵەکانی ( ٦٣، ٧٨، ٢٠٠٠، ٢٠٠٨) میوانداری کرد.

* نێجیریا لە پاڵەوانیەتی ١٩٩٦ لە باشووری ئەفریقیا پاشەکشێی کرد بە هۆی گیروگرفتی لەگەڵ ئەم وڵاتە و بۆ ساڵی ١٩٩٨ یش دوورخرایەوە.

* هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا لە ساڵی ١٩٥٧ دوور خرایەوە ئەویش بە هۆی ئەوەی سوور بوو کە یاریزانەکانی تیپەکەی دەبێ سپی پێست بن و پابەندبوونی خۆی بە رەگەز پەرستی نیشاندا.

* یاریزانی نایجیری جی جی ئۆکۆشا خاوەنی گۆڵی (١٠٠٠)مین بوو لە مێژووی ئەو پاڵەوانیەتیە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە تونس دژی باشووری ئەفریقیا تۆمار کرد.

* بۆ یەکەمین جار و دواجاریش بوو لە ساڵی ١٩٧٤ یاری کۆتایی زائیر و زامبیا دووبارە کرایەوە دوای ئەوەی یارییەکە بە یەکسانی تەواو بوو.

* تونس یەکەمین وڵاتە لە نێو پاڵەوانیەتیەکە کە بکشێتەوە ئەویش لە ساڵی ١٩٧٨ بەرامبەر نایجیریا بوو بۆ بە دەستهێنانی پلەی سێیەم.

* نایجیریا چوار جار لە یاری کۆتایی دۆڕاوە و سێ جار لەوانە بەرامبەر کامیرۆن بووە.

*هەردوو یاریزانی گابۆنی شیڤاستار و سیرالیۆنی محەمەد کالۆن بچووکترین یاریزانن کە لە پاڵەوانیەتی ئەفریقیا بەشدار بوون کە کاتێت تەمەنیان ( ١٦) ساڵ بوو.

* راهێنەری گانی جیافی خاوەنی ژمارەی پێوانیە لە بە دەستهێنانی ئەم نازناوە کە توانیوویەتی سێ جار وەری بگرێ.

* راهێنەری میسری مەحمود جەوهەری یەکەمین کەس بوو کە بتوانێ وەکو یاریزان و راهێنەر ئەم جامە بەرزبکاتەوە لە ساڵی ١٩٥٩ وەکو یاریزان و گۆڵکار و ساڵی ١٩٩٨ وەکو راهێنەر بەرز بکاتەوە.

## جارێکی دیکە ئاژاوە بەرۆکی یاریگاکانی کوردستانی گرتەوە

جارێکی دیکە ئاژاوە لە یاریگاکانمان سەری هەڵدا بووە هۆی تێکچوون و گرژی لە نێو یاریگا، بەڵێ ئەمە یەکەمین جار نییە لە یاریگای دهۆك ئەم کارە روودەدا، لە یاری نێوان دهۆك و زاخۆ لە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان هەندێك لە جەماوەری هەردوو یانە کە هیچ لە قودسیەتی وەرزشی نازانن هەڵسان بە کاری نابەجێ و دوور لە خۆرەوشتی وەرزشی و بەرد باران کردنی یاریگا و شکاندنی کەل و پەلی یاریگا و پۆلیس کەپارێزگاری لە یاریگا دەکات هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریاندا بۆ هێور کردنەوەی بارودۆخەکە کە زۆری نەمابوو لە کۆنترۆل دەربچێ، بەڵام شێرانە توانیان کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن و چەندین لە ئاژاوەگێڕان دەستگیر بکەن، ئێمە داوا لە بەرپرسان دەکەین کە زیاتر بەرامبەر ئەو دەستە چەپەڵە بوەستن و بە دەستی ئاسن لێیان بدەن و جارێکی دیکە نەتوانن ئەم ئاژاوەیە دروست بکەن.



### لەخولی پلە نایابەکانی کوردستان

## هەشت یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت


لەمیانی یارییەکانی جەولەی دوانزەمینی قۆناغی یەکەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لە تۆپی پێ ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی داهاتوو هەشـــت یاری گرنگ لە یاریگاکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێ کە تیاییدا یانەی هەولێر میوانداری یانەی پێرس دەکات کە بە یاری لووتکە دادەندرێت، ئەمەی خوارەوەش خشتە یارییەکانە

یارییەکانی ڕۆژی پێنج شەممە
سلێمانی – کەرکووك یاریگای سلێمانی
ئارارات – پێشمەرگەی هەولێر یاریگای ئارارات
هەڵۆ – بروسك یاریگای هەڵۆ
زاخۆ – پێشمەرگەی سلێمانی یاریگای زاخۆ
هەندرێن – دهۆك یاریگای شەهید فرانسۆ ٢

یارییەکانی ڕۆژی هەینی
ئەزمەر – ئاسۆ یاریگای سلێمانی
سیروانی نوێ – پێشکەوتن یاریگای سیروانی نوێ
هەولێر – پێرس یاریگای شەهید فرانسۆ

ئەمەو گشـــت یارییـــەکان کاتژمێر ٢,٣٠ی دوای نیـــوەڕۆ ئەنجام دەدرێ.

## ئینیستا: دوا وێستگەم یانەی بەرشلۆنە دەبێت



یاریزانی بە توانای ئیســـپانی و یانەی بەرشـــلۆنە ئینیستا گووتی: دوا وێســـتگەی یاریکردنم یانەی بەرشلۆنە دەبێت، بۆیە بۆ ساڵی ( ٢٠١٤) بۆندەکەم نوێکردەوە و بەم شـــێوەیە دەرگام لە بەردەم چەندین یانەی زلهێز داخست کە بەردەوامی پەیوەندییان پێوە دەکردم و پارەیەکی خەیاڵیان بۆ من پێشنیار دەکرد، ئنیستا زیاتر گوتی: شەرمە بۆ من ئەو یانەیە جێ بهێڵم چونکە باشـــترین یاریزانانی جیهانی خەون بە یاریکردن لە ریزی یانەی بەرشلۆنە دەبینن، لە کۆتاییشدا گوتی: پەیوەندیم لەگەڵ سەرۆکی یانە و دەســـتەی کارگێڕی و جەماوەری وەرزشی و گشت یاریزانەکان زۆر باشە بۆیە دەڵێم دوا وێستگەی وەرزشیم یانەی بەرشلۆنە دەبێت.

### سەردار سەلاح ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی

## نەبوونی یاریگا گەورەترین کێشەیە بۆ یانەکەمان

**■ ماوەیەکە ســـەرەتای خولی کوردســـتان ڕاهێنەرایەتی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە ئەستۆ گرتووە و توانیوویەتی ئاستێکی بەرزیش پێشکەش بکات. ■**

**دیمانە/ کارزان کانەبی**

*** خۆ ئامادەکردنتان بۆ خولی کوردستان چۆن بوو؟**

- لەسەرەتاوە ئێمە گۆڕانکارییەکی زۆرمان لە ڕیزی یانەکە کرد بە نیسبەت ڕاهێنـــەران و یاریزانـــان کۆمەڵێك یاریزانـــی لاومان سەرخســـتووە بۆ ڕیزی یەکـــەم، یانەکەمان ئەوەی لە ئێمە ئەوێ کە ئەم ســـاڵ لە خولی نایابی کوردستان بمێنینەوە بۆ ساڵی ئایندە ئیشی تەواوی لەسەر بکەین هەوڵ دەدەین لە خولی کورســـتان هەردەم لە پێشبڕکێ دابین.



*** ئاستی یانەکەتان بە گشتی چۆن دەبینی لە یارییەکان؟**

- لە راســـتی لە زۆربەی یارییەکان ئاســـتیان زۆرباش بـــووە هەوڵیش دەدەین هەروەها ئاستیان دانەبەزێت ئەنجامەمان بە باشی بمێننەوە.

*** لە خولی یانە پلە یەکەکانی عێراقی بەشدار دەبن؟**

- بەڵێ بەشدار دەبن.

*** بڕیارتان داوە یاریزان بهێنن بۆ خولی عێراق؟**

- نیازمان وایە هیچ یاریزانێك نەهێنین و هەر بەو یاریزانانە بەشدار دەبین.

*** کێشەوگرفتی سەرەکی ئێوە چییە؟**

- هیچ کێشـــەیەکمان نییە تەنیا نەبوونی یاریگا گەورەترین کێشـــەیە بۆ یانەکەمان کە ئێمە مەشـــقی خۆمانی لێ ئەنجـــام بدەین یاریزانانی ئێمە لەسەرگل ڕاهێنان ئەنجام دەدەن ئەوەش زۆر کاریگەری دەبێت.

***هاوکاری یانەکەتان لە کێیە؟**

- زۆر سوپاســـی سەرۆکی یانە دەکەم کاك شێخ جەعفەر کە زۆر هاوکاری یانەکەمانە.

*** ڕات چییە بەرامبەر ڕاگەیاندنەکانی شاری سلێمانی؟**

- زۆر باشن و خزمەتی زۆری وەرزش دەکەن.

*** ڕات چییە بەرامبەر لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان؟**

-کەموکوڕی هەبوو، بەڵام ئێســـتا زۆر باشـــن و خزمەتی بواری وەرزشی دەکەن.

*** ڕات بەرامبەر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان چییە؟**

- زۆر سوپاســـیان دەکـــەم کە خزمـــەت دەکەن بـــۆ بەڕێوەچوونی خولی کوردستان.

*** چۆن لەگەڵ یانەی پێشمەرگە کار دەکەیت بە بۆند؟**

- مـــن خۆم لە وەزارەتی پێشـــمەرگە و لە دامەزراندنـــی ئەو یانەیە لەوێ بووم.

*** دوا وتەت بۆ گۆڤاری گولان؟**

- زۆر سوپاستان دەکەم کەوا وەرزشوانان بەسەر دەکەنەوە هیوای بەرەو پێشەوە چوونتان بۆ دەخوازم.

## کچانی پەیمانگەی وەرزشی دهۆک لە تۆپی پێ بوونە پاڵەوانی هەرێم

بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری وەرزش دۆست لە هۆڵی داخراوی شەقڵاوە کۆتایی بە پاڵەوانیەتی خولی پەیمانگە وەرزشیەکانی هەرێم لە تۆپی پێی ئافرەتان هات لە هۆڵە داخراوەکان کە پێنج یاریزان بەشداری تیاییدا دەکات هەڵبژاردەی پەیمانگەی وەرزشی دهۆك توانی نازناوی خولەکە بباتەوە دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە ئەنجامی (٥-٢) گۆڵ لە هەڵبژاردەی پەیمانگەی ئاکرێ بردەوە کە لە لایەن ناوبژیوانان ئەحمەد عەبدوڵڵا و سەلیم نوری و محەمەد عەزیز سەرکەوتووانە یارییەکە بەڕێوەچوو.

## بارۆش لە فەڕەنساوە بەرەو ئینگلتەرە دەڕوات

سەرچاوەیەك لە یانەی لیۆنی فەرەنسی تەئکیدی لەو هەواڵە کردەوە کە یانەکەی ڕەزامەندی خۆی نیشانداوە کە یاریزانی چیکی میلان بارۆش بەشێوەیەکی خواستن بداتە یانەی پۆرتسمۆسی ئینگلیزی سەرچاوەکە ئەو بڕە پارەی ئاشکرا نەکرد کە لە یانەی ئینگلیزی وەری دەگرن و خواستنەکەش بۆ ماوەی یەکساڵ دەبێت یانەی پۆرتسمۆس ئەو هەواڵەی پشت ڕاست کردەوە و گوتی بە هاتنی بارۆش هێڵی هێرشبەری یانەکەمان بەهێز و پتەوتر دەبێ چونکە ئەو یاریزانە ئەزموونێکی باشی هەبوو و چەندین نازناوی گۆڵکاری وەرگرتووە.

## هێتسفێڵد: ئامادەم دوای یۆرۆ ٢٠٠٨ لەگەڵ سویسرا بەردەوام بم



راهێنەری یانەی بایەرن میونیخی ئەڵمانی ئۆتمار هێتسفێڵد لە لێدوانێکدا گوتی: حەز دەکەم دوای یۆرۆی ( ٢٠٠٨) لەگەڵ هەڵبژاردەی سویسرا لە راهێنەرایەتی بەردەوام بم چونکە ئەو تیپە وا بۆی دەچم، ئاستی رۆژ بە رۆژ بەرەو پێشتر دەڕوات و ئەنجامی باشی لێ چاوەڕوان دەکرێ راهێنەری ناوبراو لە کۆتایی وەرزشی ئەمساڵ شوێنەکەی لە بایەرن میونیخ بۆ راهێنەری بە توانای ئەڵمانی کلینزمان جێ دەهێڵێ و ئۆتمار هێتسفێڵدیش دەبێتە راهێنەری هەڵبژاردەی سویسرا.

## لە لووتکەی یارییەکانی خولی ئیسپانیا ئیشبیلیە میوانداری یانەی بەرشلۆنە دەکات

لەمیانی یارییەکانی جەولەی (٢٣)ییەمی خولی ئیسپانیا و لە لووتکەی یارییەکاندا یانەی ئیشبیلیە میوانداری یانەی بەرشلۆنە دەکات کە هەردوو یانە بۆ بردنەوە یاری دەکەن بۆ ئەوەی لە یانەی ریال مەدرید نزیك ببنەوە،



لە هەمان جەولەدا یانەی ریال مەدرید میوانداری یانەی بەلەد وەلید دەکات کە یانەی ریال مەدرید بۆ مسۆگەر کردنی سێ خاڵی یارییەکە یاری دەکات ئەمەش خشتەی یارییەکانی جەولەی (٢٣)ی خولی ئیسپانیایە کە رۆژانی شەممە و یەك شەممە یارییەکان ئەنجام دەدرێت

| | |
|---|---|
| رایسنگ سانتدێر—ئەتلّتیکۆ مەدرید | ڤالنسیا — ریال بێتیس |
| ریال مەدرید — بەلەد وەلید | ئیسپانیۆڵ — ریکریاتیڤۆ هوێلفا |
| ئۆساسۆنا — ریال زەرگۆزا | دیڤر تیڤۆ لاکرۆنیا — خیتافێ |
| ریال مۆرسیا — ڤیاریاڵ | ئەتلتیکۆ بلباو — لیڤانتێ |
| ریال مایۆرکا - ئەلمریە | ئیشبیلیە — بەرشلۆنە |

## لە خولی ئەڵمانیا: بایەرن میونیخ – برێمن بروسیا دۆرتمۆند – شالّکە



لەمیانی یارییەکانی جەولەی (١٩)یەمی خولی ئەڵمانیا رۆژانی هەینی و شەممە و یەك شەممە چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت کە گرنکتریان و لە لووتکەی یارییەکانی خولی ئەڵمانیا یانەی بایەرن میونیخ میوانداری یانەی ڤێردر برێمن دەکات، هەروەها لە یارییەکی تردا یانەی بروسیا دۆرتمۆند میوانداری یانەی شالّکە دەکات ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی جەولەی (١٩)یەمی خولی ئەڵمانیایە

| | |
|---|---|
| رۆژی هەینی | ڤۆلسڤۆرگ—دۆیسبۆرگ |
| ئینتراختفرانکفۆرت—ئەرمینیابیلفیلد | شتۆتگارت—هێرتا بەرلین |
| رۆژی شەممە | بایەرنلیڤەرکۆزن—هامبۆرگ |
| بۆخۆم—ئینرجی گۆتبۆس | رۆژی یەك شەممە |
| هانۆڤر—کارلسروهر | بایەرن میونیخ—ڤێردەر برێمن |
| نۆرنبێرگ—هانزا رۆستۆك | بروسیا دۆرتمۆند—شالّکە |

## لە خولی ئیتاڵیا ئۆدونێزی – یۆڤانتۆس، ئەتالانتا – ڤیرۆنتینا



لەمیانی یارییەکانی جەولەی (٢٢)یەمی خولی ئیتاڵیا رۆژانی شەممە و یەك شەممە یارییەکانی ئەم جەولەیە ئەنجام دەدرێت کە تیاییدا یانەی ئۆدونێزی میوانداری یانەی یۆڤانتۆس دەکات و هەروەها یانەی ئەتالانتا میوانداری یانەی ڤیرۆنتینا دەکات، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی جەولەی ( ٢٢)مە لە خولی ئیتاڵیایە

| | |
|---|---|
| رۆژی شەممە | لیڤۆرنۆ—جەنەوا |
| ئەتالانتا—ڤیرۆنتینا | ئەی سی میلان—سیینا |
| رۆما—ریجینا | سامبدۆریا—ناپۆلی |
| رۆژی یەك شەممە | تۆرینۆ—پالێرمۆ |
| کالیاری—پارما | ئۆدونێزی—یۆڤانتۆس |
| ئیمپۆلی—لاتسیۆ | کاتانیا—ئەنتەر میلان |

جیگای باسە رۆژی چوار شەممە یارییەکی دواخراوەی جەولەی (١٦) یەمی خولی ئیتاڵیا لە نێوان هەردوو یانەی ئەی سی میلان و لیڤۆرنۆ ئەنجام دەدرێت کە بە هۆی بەشداریکردنی یانەی ئەی سی میلان لە پاڵەوانیەتی جامی جیهانی یانەکان دواخرا.

## لە دێربی شاری مانچستەر یانەی مانچستەر یۆنایتد میوانداری یانەی مانچستەر سیتی دەکات

لە میانی یارییەکانی جەولەی (٢٦)یەمی خولی ئینگلیزی کە رۆژانی شەممە و یەك شەممە و دوو شەممە یارییەکان ئەنجام دەدری و لە لووتکەی یارییەکاندا و لە دێربی شاری مانچستەر یانەی مانچستەر یۆنایتد میوانداری یانەی مانچستەر سیتی دەکات یانەی مانچستەر یۆنایتد هەوڵ دەدات کە لەم یارییە بردنەوە بە دەست بهێنێت دوای ئەوەی لە یاری یەکەم تووشی دۆران هات بەرامبەر مانچستەر سیتی، لەهەمان کاتدا یانەی مانچستەر سیتی بۆ بردنەوە یاری دەکات،



لە یارییەکی تردا یانەی چێڵسی میوانداری یانەی لیڤەرپوول دەکات و هەردوو یانە هەوڵ دەدەن کە لەم یارییە هیچ خاڵێك لە دەست نەدەن و زیاتر لە پێشەنگی خولی ئینگلیزی نزیك ببنەوە، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە

| | |
|---|---|
| رۆژی شەممە | وێستهامیۆنایتد—بێرمنگهام |
| ئەستۆنڤێلا—نیوکاسیلیۆنایتد | رۆژی یەك شەممە |
| بۆلتۆن—بۆرتسمۆس | مانچستەر یۆنایتد — مانچستەر سیتی |
| دێربی کاونتی—تۆتنهامهۆتسبێر | چێڵسی—لیڤەرپوول |
| ئیڤرتۆن—ریدینگ | رۆژی دووشەممە |
| میدلزبرە—فۆلهام | ئەرسناڵ—بلاکبێرن رۆڤرز |
| سندرلاند—ویگان | |

## لە خولی فەرەنسا
## مۆناكۆ – لیل، لیۆن – سۆشۆ

لەمیانی یارییەكانی جەولەی (٢٤)خولی فەرنسا رۆژی شەممە و یەك شـــەممە یارییەكان ئەنجام دەدرێت كە تیاییدا یانەی مۆناكۆ میوانداری



یانەی لیل دەكات، هەروەها یانەی لیۆن میوانداری یانەی سۆشۆ دەكات ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەكانی جەولەی (٢٤)مە

| | |
|---|---|
| رۆژی شەممە | رین — ئۆكسێر |
| پاریس سان جێرمان — لۆمان | ستراسبۆرگ — سانت‌تیان |
| بۆردۆ — میتز | ڤالێنسیان — لۆریان |
| لیۆن — سۆشۆ | رۆژی یەك شەممە |
| مۆناكۆ — لیل | كان — لانس |
| نانسی — تۆلۆز | نیس — مارسیلیا |

## لە خولی هۆڵەندا: ئایندهۆڤن – هێرنیڤین
## دی گرافشاب – فینۆرد



لەمیانی یارییەكانی جەولەی (٢٤)یەمی خولی پلە ئایابەكانی هۆڵەندا رۆژانی هەینی و شـــەممە و یەك شەممە یارییەكان ئەنجام دەدرێت، كە تیاییدا یانەی ئایندهۆڤن میوانداری یانـــەی هێرنیڤین دەكات، هەروەها یانەی دی گرافشاب میوانداری یانەی فینۆرد دەكات ئەمەی خوارەوش خشتەی یارییەكانی جەولەی ( ٢٤)مە

| | |
|---|---|
| رۆژی هەینی | دی گرافشاب — فینۆرد |
| تیڤینتی — هیراكلیس | رۆژی یەك شەممە |
| رۆژی شەممە | ڤی ڤی — ڤیلیم ٢ تیلبۆرگ |
| برێدا — ئۆترێخت | رۆدا كیركرادە — ئەیاكس ئەمستردام |
| ئایندهۆڤن — هێرنیڤین | نیمیگن — ئەلكمار |
| ڤیتیسەئەرنێهم — گرۆنینگین | سپارتارۆتردام — ئەكسیلسیۆر |

## كاكا
## لە كۆكردنەوەی نازناوەكان بەردەوامە



لە راپرســـییەكدا كە ساڵانە بۆ دەست نیشانكردنی باشترین یاریزان لە خولـــی یانەكانی ئیتاڵیا ئەنجام دەدرێـــت، یەكگرتووی یاریزانەكانی خولی یانەكانی ئیتاڵیا لە تۆپی پێ یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیلی و یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی ریكاردۆ كاكای بە باشترین یاریزانی وەرزی ســـاڵی ٢٠٠٧ هەڵبژێردرا، بەم شێوەیە ئەمە سێیەم نازناوە كە كاكا بە دەســـتی دەهێنێ دوای ئەوەی نازناوی باشـــترین یاریزانی ئەوروپا و جیهانی وەرگرتبوو.

## ئینگلتەرە و ئەڵمانیا رووبەرووی یەكدی دەبنەوە
## فێرگسۆن داوا دەكات بێكهام لەم یارییە یاری بكات

یاریـــگای وێمبلێ لە لەندەنی پایتەختی ئینگلتەرە لە (١٩)ی ئەم مانگـــە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لەژێر سەرپەرشـــتی راهێنـــەری نوێی ئیتاڵی كاپێلۆ و لە یارییەكی دۆســـتانەی بەهێزی چاوەڕوانكراودا میوانداری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەكات كە خۆی بۆ كۆتاییەكانی یـــۆرۆی (٢٠٠٨) ئامادە دەكات چاودێران بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەم یارییە بەهێزە دەكەن كە دوو قوتابخانـــەی ئەوروپی ناودار رووبەرووی یەكدی دەبنەوە كـــە یەكەمین تاقیكردنەوە دەبێت بۆ راهێنەری ئیتاڵی كاپێلۆ كە ماوەی یەك مانگە ئەم كارەی وەرگرتووە، ئەمەوە راهێنەری یانەی مانچســـتەر یۆنایتدی ئینگلیزی ســـكۆتلەندی سێر ئەلێكس فێرگەســـۆن سەبارەت بەم یارییە و یارییە دۆستانەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بەرامبەر سویســـرا داوای لە راهێنەر كاپێلـــۆ كرد كە جارێكی دیكە هەل بۆ بێكهام برەخســـێنێ و یـــاری پێ بكات تا ژمارەی یاریـــە نێودەوڵەتیەكانی بگاتە (١٠٠) یاری و خەونەكەی بێتە دی.

جێگەی باسە لە كاتی وەرگرتنی ئەم پۆستەی كاپێلۆ تەئكیدی لـــەوە كردەوە كە ئەو یاریزانانـــەی توانای یاریكردنیان نەماوە شـــوێنیان لە پێكهاتەی ئینگلتەرە نابێتەوە ئەمەش لێدوانێكی ئاگرین بوو بۆ هەندی یاریزان لەوانە دێڤید بێكهام.

## هینگیز بەرگری لە خۆی دەكات



یەكەمی ریزبەندی تێنسی سەر زەوی پێشووی جیهانی كچە شۆخ و شەنگی سویسری مارتینا هینگیز ئەو تۆمەتانەی رەتكردەوە كە دەرمانی وزە بەخشی قەدەغەكراوی لە یارییەكان بەكار هێناوە، هەروەها گوتی: ئەم جۆرە كارە كاریگەری لەسەر كەسایەتی من دەبێت بۆیە لە رێگای دادگای بەرزی وەرزشی بەرگری لە خۆم دەكەم و داوای قەرەبوش دەكەمەوە هینگیز ماوەیەكی زۆر بەرگری لە پێشەنگی ریزبەندی جیهانی لە تێنسی سەر زەوی ئافرەتان كردبوو، جێگەی باسە لێژنەی پزیشكی قەدەغەكردنی دەرمانی وزە بەخش بریاریدا بۆ ماوەی دوو ساڵ هینگیز رابگرێ نەهێڵێ بەشداری لە هیچ پاڵەوانییەتییەك